دەستگیرکردنی دوو کەس بە تەمەتی کوشتنی زاوایەکیان

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی دوو تەمەتباری راگەیاند کە باوک و کوڕەکن بە تەمەتی کوشتنی زاوایەکیان لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لە راگەیەندراوەکدا ئاماژەی بۆکردووە: "دوای ئۆوەی لە 23ـی کانوونی یەکەمی 2023، هاووڵاتی (محەممەد شەعبان) لەلایەن ماڵە خێزورانی لەسەر کێشەیەکی کەمایەتی لە گەڕەکی قەتەوی شاری هەولێر کوژرا، دەستبەجێ لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر و پۆلیسی هەولێر دەستکرا بە لێکۆڵینەوە".

ئاسایشی هەولێر ئاماژەی بۆکردووە، لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت تەمەتباران هەڵاتوون بە یەکێک لە شارەکانی خواروی عێراق، دوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردن لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای سەلاحەددین، دووکەس لەو تەمەتبارانە بەناوەکانی (ف. ز. ح.) و(ه. ف. ز.) دەستگیرکران و رادەستی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر کران.